# ژن و تیڕوانینی جۆراو جۆر

کوێستان عومەر زادە



زۆرن ئەوانەی پێشوو ترو ئێستاش باس لە ژان و مەینەتی و حەقی ئینسانی ژن دەکەن تۆ بڵێی ئەوانە توانیبیان تاکو ئەمرۆ دەوایەك بۆ ئەم برینە پڕ ئێشەی ژنان لە کۆمەڵگەدا بدۆزنەوە, بێ گومان نەخێر , کاتێك سەیری وەزعیەتی ژنان دەکەین دەبینین کە هیچ نەکراوە جێگای ئومێد بێت یاخود تەمەننای شتی باشتر بکەین. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە کۆمەڵی ڕێکخراوی ژنان دەست بەکار بون سوتان و کوشتن و سوکایەتیکردن بە ژنان بێگومان روی لە زیاد بوون کردوە, ترس لەسەر ژن بۆ تەماڵ بەسەریانەوە. بڵێی ئەو ڕێکخراوانە جگە لە دیفاع لە کاسایەتی ژن و پاراستنی ماف و ئازادی ژن کاریان چی بێت, دەشێ ئەو کەسانە بۆ دیفاع کردن لە کەسایەتی چن خەبات دەکەن هەر ئەوانە نەبن کە لەم ڕێکخراوانەدا کار دەکەن.

کەسانی ئازادی خواز , یاخود عەدالەت خواز وەیان فیمینیستەکانن کە زۆر بە چڕو پڕی باسی حەقی ئینسانی ژن و دەوری ژن دەکەن. وە بپرسین چەمکی فیمینیستی کە ئەمرۆکە سەدان و هەزاران ژن بە باوەرەوە کاری بۆ دەکا واقیعەن چەندە چۆتە پێش گەر چاوێك بە مێژوودا بگێڕین دەبینین کە قەڵەمەکان لە ئاست جوامێری و دەوری ژن چی بوون, گەر لە کۆمەڵگای پیاو سالاریەوە ژن ببینین پڕە لە بێهێزی و بێ توانایی و یاخود دوورە لە

هەموو ئەو خەونانەی کە ساتێك لە نیگەرانی لە ئاست خۆیدا دەیبەن ئەمەش لە روانگەی زۆر کەسەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی فەرهەنگی وە ئاین بە رادەی یەکەم, ئەوانە ئەو دەستە واژانەن کە یاسای نسبەت بە ژنیان پێ گەڵاڵە کراوە, کاتێك باس لە جیاوازی سروشتی نێوان ژن و پیاو دەکرێت کە ئاوا ژن نوقمی نێو تێڕامان دەکات کە بەردەوام گەڕانێك دەی با تا ناوەرۆکی ئەم راستیە بزانێ Torilmoi لە کتێبی en kvinne hvaer دابەوردی باس لە جیاوازی ژن و پێکهاتەی لە ڕوی.

Biologi وەدەکا رەگەز لە نێو جیاوازی social. Biologi دا شیدەکاتەوە فیمینیستە رادیکاڵەکان.هیچ کات ئەمە قبوڵ ناکەن کە جیاوازی بێلۆجی هەبێت وە لەو بروایەدان کە ئەوانەی قسە لەم بابەتە دەکەن تەنیا دەیانەوێت کە پاساوێك بۆ ئەم مەبەستە بێننەوە ژن واقعی پێك



هاتەی خۆی هەست پێ ناکات لە روانگەی ئەوانەوە شتێ نیە نزیك لە واقع لە هەمان کاتدا لیبراڵ فیمینیستەکان پێیان وایە ئنسان کاتێك دەتوانێ باس لە نەبونی جیاوازی بێۆلۆجی بکات کە پەیوەندی سیکسی نێوان ژن و پیاو بنە بڕکات یاخود باوەڕی پێی نەبێت. ژن هەمیشە لە کۆشش دابوە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو رەوشە ناهەمواری کە قەڵافەتی بەسەرداگرتوە لە جەنگدا بووە تا بتوانێ ئەو حەقە ئینسانیەی کەلێی زەوت کراوە بیسەنێتەوە ژنان هەمیشە تەمەنای ئەوە دەکەن کە لە قالبی بەزەیی و گوناح و زەعیفەییدا لە خاچ نەدرێن وە چێتر وەك پاشکۆ سەیر نەکرێن لە کۆمەڵگادا , پاشکۆ بوونی چن لە نێو بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکاندا بۆتە شتێکی کلتوری و سوننەتی بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئایدۆلۆژیای پیاو سالاری باڵا دەستە. زۆرن ئەوانەی کە ئەمرۆکەش ژن بەکەسێکی زەعیف و بێ هێز دەزانن, لە حاڵێك دا ژن دەتوانێ ئەمرۆ خاوەنی شتە بەهادارەکان بێت وە دەوری دیارو بەرچاو ببینێت, من لەو باوەڕەدام ژنان ئەگەر



شەپۆلە سەر مەستەکانی ناو ڕووبارو لێگەڕێن زۆر بە جوانی دەتوانێت ڕاوەماسی بکەن.

Hegl دەڵێ ژن دەتوانێ خاوەن فەرهەنگ و سەلیقە بێت بەڵام ناتوانێ ئایدەیەکی ڕەها بەدەست بێنێت ئەمەش یەکێك لەم تێروانینانەی ترە لەسەر ژن.

ئەم پاشکۆ بونەی ژن لە کۆمەڵگاو لە نێو ڕێکخراوە سیاسیەکاندا وەهای کردووە کە ژنان بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن بۆتە شێوازێکی دیکە بۆ چەوساندنەوەیان.

Slmon de beauvolr یەکێکە لە فەیلە سوفەفیمینیستەکانی فەرەنسا زۆر بە جوانی باس لە پاشکۆ بوونی ژن دەکات لە هەمان کاتدا بوونی ژن پۆلێن دەکا. ئەوەی کە ئەمرۆ زۆر گرنگە دەبێ بە بیرێکی وردو سەلیقەیەکی جوانەوە بەدوای ئەم نهێنیانەدا بگەڕێین کە ژنیان لە گەورەیی غەریب کردووە. بۆ ئەم مەبەستە ژنان شۆڕشێکی چریان پێویستە تا بتوانن کۆمەڵگا بە گشتی وە کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی کە خەسێندراوە بە ئایدۆلۆژیای پیاو سالاری لەوە زیاتر ژنان دوور لە دەسەلاتی کۆمەڵگاو وەك پاشکۆ نەبینێت. با چیتر شتە دەست کردەکان زاڵ نەبن بەسەر واقیعدا.

Beauvolr لە کتێبی ( ڕەگەزی دووەهەم)دا دەڵێت ئێمە وەك ژن لە دایك نابین ئەوە کۆمەڵگەو . کولتورەکە دەمان کات بە ژن, کەواتە هەر وەك Aristotlis دەڵێت هیچ شتێك لەگەڵ ئینسان لە دایك نابێت بەڵکو دوای تەجروبە شتەکان ڕوودەدەن. ژن بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بدۆزێتەوە پێویستە بچێتە مەیدان بۆ ئەم مەبەستە شتێك کە زۆر گرنگە هەت بێت ئازادییە Beauvolr لە کتێبی بە ناوی ڕەگەزی دووەهەم تەمەنای ئەوە



دەکات کە ژن و پیاو ئازادیان هەبێت بۆ دەست نیشان کردنی کەسایەتی خۆیان بەو شێوەیەی کە دەیانەوێت , گەڕان بەدوای بیوگرافی ژن لە واقعدا کارێکی زۆر گرنگە تا بزانێ ژن چیە . تەمەننای ئازادی نەتەنیا بۆ فیمینیستەکان یاخود بۆ ژن بەڵکو بۆ هەموو ئینسانێك لە جیهاندا دەبێ تەمەننای مرۆڤی عەدالەت خواز بێت, ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە دەبێ ژنان بۆ خۆیان هەوڵ بدەن کە بونیەتی خۆیان لە کۆمەڵگادا بسەلمێنن, دۆزینەوەی ژنان لە کۆمەڵگادا بە وشیار کردنەوەو تێگەیشتنی ژن لەو کولتورەی کە تێیدا هەموو بەهاکانی ژنێتی فەرامۆش کردوە ژن بونی ناشیرین کردوە دەتوانێ بمان گەیەنێتە تێروانینێکی دروست لەسەر ژن, ژنان دەتوانن بە باوەڕبونێکی بەهێز هەموو ئەو کۆسپانە راماڵن کە بەسەریاندا سەپاون. وە لە هەمان کاتدا بە بەرەوپێشچوونی ئاستی هۆشیاری دەتوانێ هەموو ئەو تێروانینانەی کە پێیان وایە ژن بونەوەرێکی زەعیفەیەو ناتوانێ بێ پشتیوانی پیاوان خاوەن کەسایەتی خۆی بێت لە بیر بکرێن.